# 2ئۆکتۆبەر ئەمستردام بووە شانۆی نمایشێکی عەزیمی چینایەتی

# لەدژی حکومەتی هۆلەندا وسیستمی سەرمایەداری!




لەپال ئەزمەحکومەتییەکەیدا،ئەزمەی ئابووری کەلەکەبووی لە10سالی ڕابردوودا، بۆرژوازی ودەولەتی ڕاستی هۆلەندای هاویشتۆتە بەردەم بەرفراوانترین ناڕەزایەتی ونەفرەتی سەرتاسەری چینی کرێکار وجەماوەری کارکەری کۆمەلگای هۆلەندیەوە.سەرەتای ئەمسال ئەم دەولەتە بەمەبەستی خۆدزینەوە لەئەزمەکانی،بەپەسەندکردنی بڕیاری دەرکردنی 26000 پەنابەر لەم وولاتە بەبیانووی داخرانی پەروەندەکانیانەوە،ویستی بەگرتنەبەری ئەم سیاسەتە ڕاسیستییە وپەرەدان بەدژایەتی بێگانە ودوژمنایەتی سازکردنی نەژادی،درزێك بخاتە ناوکۆمەلگای سکۆلار ومۆدێرنی هۆلەنداوە،بۆ ئەوەی هێرشەکانی دواتری خۆی بۆسەر ژیان وگوزەران وماف ودەسکەوتە کۆمەلایەتییەکانی کرێکاران وخەلکی هۆلەندا بەدوایدا دەستپێبکات.بەلام ئەوەبوو وەلامی دانشکێنی ئەم سیاسەتەی بەزنجیرەیەك ناڕەزایەتی وخۆپیشاندان وکەمپین وڕێپێوانی جۆراوجۆر ومانگرتنی یەکپارچە وسەرتاسەری لەکۆمەلگای هۆلەندا وەرگرتەوە. وەلەسەر داوای زیاتر لە400نەقابە وسەندیکاو حیزب وڕێکخراوی هۆلەندی وغەیری هۆلەندی،بۆ تێکشکاندنی ئەو سیاسەتەی دەولەت،خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لە10نیسانی ئەمسالدا لەشاری ئەمستردام سازکرا،کەسەرباری ڕێگری سازکردنی جۆراوجۆر بۆی لەلایەن دەولەتەوە،نزیکەی 20000کەس بەشداری تێداکرد،وبەم شێوەیە گەورەترین نایان دایەوە بەڕووی دەولەتی ڕاستتدا،وئەو سیاسەتەیان بەتووندی محکوم وڕیسواکرد.مەسەلەیەکی گرنگ وجێگاسەرنج لەم حەرەکەتەدا ئەوەبوو،کەکۆمەلگای هۆلەندا پێش لەپەنابەران ناڕەزایەتییەکانیان دژ بەدەولەت دەستپێکرد،وبەشیعار وبانگەوازی "هەموو دەبێت بمێیننەوە...هۆلەندا بۆ هەموو ئەوانەیە کەتێیدا ئەژین...تد " یەکپارچە دژی سیاسەتی ڕاسیستی دەولەت وەستانەوە.ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی چینی کرێکار وخەلکی هۆلەندا لەگەل دەولەتی ڕاستی ئەم وولاتە وسیاسەتەکانیدا،بەلگەو نیشانەی ئومێدبەخشن بەهاتنەمەیدانی سەربەخۆی چینی کرێکارو توێژە کۆمەلایەتییە کارکەرەکانی ئەم وولاتە لەپشتییەوە بۆ دیفاع لەخۆیان ولەژیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وگوزەران ولەعەدالەتی کۆمەلایەتی،وخستنەلاوەی سەندیکالیزم وسۆشیال دیموکراسییە لەخەباتی ئەم چینە وئەم کۆمەلگایەدا.

ئەم جارەیان ئەم دەولەتە بۆ بەرگرتن بەئەزمە ئابوورییەکانی،بەپەسەندکردنی سیاسەتی سکهەلگووشینی ئابووری،ویستی هێرشی ئاشکرای بۆ سەر هێزی بنیاتنەر وخولقێنەری سەرتاپای سەروەت وداهاتی کۆمەل،یانی چینی کرێکار وخەلکی هەژار وزەحمەتکێشی هۆلەندا، وسەرجەم ماف ودەسکەوت وبیمە کۆمەلایەتی وخزمەتگوزارییەکان دەستپێکرد.ئەم سیاسەتە زیادکردنی سەعاتکاری هەفتانە بەبێ کرێ،درێژکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی بۆ 65سالی،هەلگرتنی بیمەو مەزایا دەرمانی وکۆمەلایەتییەکان،بیمەی خوێندنی بالا وپەروەردە وفێرکردن بەشێوەیەکی گشتی،وزەوتکردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانی تر ئەگرێتەبەر.هەربۆیە بینیمان لەبەرامبەر ئەم سیاسەتەدا کۆمەلگای هۆلەندا تەقییەوە بەڕوویدا وقوتبی بووەوە و،ناڕەزایەتی گشتی وسەرتاسەری ئەم یەك دوو مانگەی دوایی، هێزهاوسەنگی سیاسی ئەم کۆمەلگایەی ئالوگۆڕپێکرد ومەیلی سەندیکالیستی وسۆشیالدیموکراسی ناو چینی کرێکاری خستەکەنارەوە وحیزب ولایەنە چەپەکان وسەندیکالیست ورابەرانی نەقابەکان ناچاربوون پەیوەست بن بەم حەرەکەتە سەرتاسەرییەوە.20سێپتێمبەر کرێکارانی بەندەرەکانی شاری گەورەی ڕۆتەردام خۆپیشاندانیان سازکرد وخەلك وخوێندکاران ومامۆستایانیان پێوە پەیوەست بوون وزیاتر لە 40000 کەس بەشداریان کرد،کەشارەوانی سەرەکی شاری ڕۆتەردامیان کۆنترۆل کرد بەمەبەستی نیشاندانی هێز وتووڕەیی بێئەوپەڕیان لەسیاسەتەکانی دەولەت.27سێپتێمبەر کرێکارانی شارەوانی ئەمستردام مانگرتنیان ڕاگەیاند وکرێکارانی پاس وگواستنەوەی ئەم شارەش بەمانگرتن پشتیوانیان ڕاگەیاند،وئەو ڕۆژە ژیانی ئاسایی بەتەواوی ڕاوەستابوو،وکێوی زبل وپیسی سایەی خستبووە سەر جوانی ئەم شارە.شارە گەورەکانی تریش خۆپیشاندان وناڕەزایەتییان بەخۆوە بینی وبەشێوەیەکی بەرچاو ناڕەزایەتی بەسەرتاپای هۆلەنداوە هەستپێئەکرا. سەرەنجام دوێنێ ڕۆژی شەممە 2ئۆکتۆبەر خۆپیشاندانێکی عەزیمی چینایەتی وسەرتاسەری چینی کرێکار وخەلکی هۆلەندا،شاری ئەمستردامی پایتەختی کردە شانۆی نمایشێکی چینایەتی بێوێنە،وژیانی ئاسایی ئەم شارە گەورە تووریستییە جێگای خۆی دا بەپیشاندانی عەزیمترین ناڕەزایەتی و وەستانەوە بەڕووی دەولەتی ڕاستی هۆلەنداو سیاسەتی تقشفیدا.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




هەر لەبەیانییەکی زووەوە ئەمستردام ڕەنگ وبۆی هێزێکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەحالەتی باو ونۆرمالی پێوە دیاربوو.ئەمستردام بەناچاری سنگی خۆی کردبووە چەترێك ودەرگاکانی دلی بۆ ئاوازێکی نوێ وجیاواز خستبووە سەر پشت.ئاپۆرەی دەیانهەزار پاسکیلسوار وپیادەڕۆ بەرەو ستاشیۆنی شەمەنەفەری هەموو شارەکانی هۆلەندا،ووورووژمی داکشان وهەلکشانی شەمەنەفەر وئۆتۆمبێل وپاسەکان ڕووەو ئەمستردام کەلەچەند هەفتە لەوە پێش درابوو بەگوێی ئەمستردامدا، ئەمستردامیش وەك چاوەڕووان دەکرا بەسنگێکی تەواو ئاوەڵاوە هەموو پەڕەکانی دلی خۆی نەرم نەرم لەبەر پێی سەدانهەزار میوانی تووڕە وناڕازی دژبەسیستەمی سەرمایەداری ئەو ڕۆژەیدا ڕاخستبوو.سەعات 10ی سەرلەبەیانی مەیدانی (دام و موزەیەم پلاین) لەهەموو لایەکەوە ڕێپێوانی دوورودرێژی بێکۆتایی لەسەرجەم دەروازەکانی شارەوە سەریان پێوە نابوو.

نارەزایەتی منالێکی 8ساڵان کەبەدەنگێکی ناسکی نووساوەوە بەبلندگۆکەی هاواری دەکرد (بڕیاربوو بابم تلفزیۆن بۆ ژوورەکەم بکڕێت، بەلام بەداخەوە "Balkenende" ـ سەرۆك وەزیرانی هۆلەندا وسەرۆکی حیزبی CDA ـ بەم سیاسەتەی ئەم ئاواتەی منی زیندەبەچال کرد!!)،جوانترین تەعبیرێکە کەبکرێت ئینسان لەبێشەرمی ودڕندەەی بۆرژوازی وسیستەمەکەی ودەولەتی ڕاستی هۆلەندا بیدات بەدەستەوە.بەپتەوی ئەو باوەڕە قوولەی ملیۆنەها منالی هۆلەندی بەئایندەیەکی باشتر هەیانە،ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی کرێکاران وخەلکی هۆلەندا لەگەل دەولەتی ئیتلاف مەسیحی هۆلەندیدا،ململانێی چینایەتی ئەم کۆمەلگایە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.وەئەمەش دەلیل وبەلگەی ئومێدی ملیۆنەها ئینسانە بەکۆلگایەکی یەکسان وئازاد وسەدبەرامبەر ئینسانی تر لەوەی ئێستا.

ئێمەش هەردوو حکك عێراق و حككا-حکمەتیست (کۆمیتەی هۆلەندا)،بەهاوئاهەنگییەکی نوێ وبێوێنەوە بەشداری ئەم حەرەکەتە عەزیمەمان کرد.سەرلەبەیانی لەمەیدانی مرکزی شار( دام)،هاوڕێیانی هەردوو کۆمیتە مێزکتابمان دانابوو کە هەزاران بەیاننامە ووەرەقەی سیاسی وتەبلیغاتی حیزبمان بلاوکردەوە لەپال هەزاران نوسخە لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیاننامەی هاوبەشی هەردوولامان بەبۆنەی خۆپیشاندانی 2ئۆکتۆبەر ودژ بەسیاسەتی تقشفی دەولەتی ڕاستی هۆلەندا وبۆ پشتیوانی بێدریغمان لەم حەرەکەتە عەزیمەی کرێکاران وخەلکی هۆلەندا.خۆپیشاندانی ئێمە هەردوو حیزب بە دوو شیعاری گەورە کەلەسەریان نووسرابوو: (ئێمە پشتیوانی ئێوەین لەم خەباتەتاندا بۆ دیفاع لەخۆتان ولەئایندەتان! ... وە ئێمە پشتیوانی کرێکاران وخەلکی هۆلەنداین بۆئەم خەباتەیان لەدژی سیاسەتی تقشف!).

وەچەندین تیمی بلاوکردنەوەی بەیاننامەکان وکۆکردنەوەی کۆمەك ،و چەندین ئالای سوور بەوێنەی مارکس و مەنسور حکمەت،کەسەرنجی تەواوی خەلك ودەزگاکانی ڕاگەیاندنی بۆ خۆی ڕاکێشابوو،سەدان پەیامنێری ڕۆژنامە وتەلەفزیۆنەکان وێنەی خۆپیشاندانی ئێمەیان ئەگرت،ودەیان کەس لەکرێکاران وخەلکی هۆلەندا بەشەوقەوە ئەهاتنە لامان وبەنیشانەی دەستخۆشانە مشتیان بەرزئەکردەوە و وێنەی مارکسیان ماچ ئەکرد،ووەرەقە تەبلیغییەکانیان وەرئەگرت وکۆمەکیان ئەکردین. پاشان بەڕێپێوان ئەم بەشە لەخۆپیشاندەران لەمەیدانی دامەوە بەرەو مەیدانی گەورەی (موزەیەم پلاین)کەوتەڕێ.هاوڕێیانی ئێمە کەبەئالا وشیعاری سوورەوە لەهەموولایەکەوە دیار وجێگاسەرنج بوون،بەهەزاران کەس وەکو نیشانەی یەکێتی وهاوخەتییان لەگەل ئێمە ومارکسیزمی مارکس بەشێوەی جۆراوجۆر تەعبیریان ئەکرد.زۆر بەزەحمەت گەشتینە مەیدانی (موزەیەم پلاین)وفەورەن لەوێش مێزکتابمان دانایەوە و هاوڕێیان بەدەوریدا بەشیعار و ئالاکانی مارکس ومەنسورحکمەتەوە، کەلەوێش زیاتر لەپێشوو بووینە جێگای سەرنجی خەلك وڕاگەیاندن.ئێمە هەردوو حیزبمان کە نزیکەی 30کەس دەبووین،زۆربەمان لەلایەن ڕادیۆ وتلفزیۆن وڕۆژنامەکانەوە چاوپێکەوتنمان لەگەل کرا.لەلایەك خەلك بەیاننامەکانی ئێمەیان وەردەگرت ولەلایەکیش فیلمیان لێدەگرتین وچاوپێکەوتنمان لەگەل دەکرا ولەهەمان کاتدا کۆمەکیان دەکردین. شیعار وبەیاننامەکانمان جێگای خۆشحالی وشۆڕوشەوقی کرێکاران وخەلك بوون.وەئەمەش شۆڕوشوقێکی گەرمتری دابوویە هاوڕێیانمان کە سەرڕای ماندووییەکی ئێجگار زۆر،بەئومێدێکی گەورەوە بەشداری وپشتیوانی هەردوو حیزبیان گەیاندە زۆربەی هەرەزۆری خۆپیشاندەران.ئەم هاوئاهەنگییەی هەردوو حیزب نیشانی دا کەکۆمۆنیزمی کرێکاری مەیلێکی عەزیمی ناوخۆی چینی کرێکار وخەلکی بێبەشی دنیایەو مارکس ڕەمزی ڕەخنەی کرێکارە لەسیستەمی بۆرژوایی ورەمزی شۆڕشی کۆمەلایەتی کرێکارییە بۆ هەلپێچانی ئەم ڕژێمە زالمانەیە. خۆپیشاندانی 2ئۆکتۆبەر بەجۆرێك کۆمەلگای هۆلەندای خستبووە ژێرسایەی خۆیەوە کەئەکرێ لەمێژووی نوێی ئەوروپا وهۆلەنداشدا ئەم ڕۆژە وەکو یەکەم هەنگاوی ڕیزبەستنێکی چینایەتی بێوێنە ومەیلداربەلای مارکسیزمی مارکس ولینین دا دابنرێت لەڕاستای خەباتی چینایەتی کرێکاراندا دژبە سەرمایەداری.لەهەمان کاتدا گورزێکی گەورەش بوو بۆ سەندیکالیزم وسۆشیالدیموکراسی وڕاسیزمی دەولەتانی ئەوروپایی.پرشنگدارترین دیاردەی جوان وخۆشەویستی ئەم حەرەکە سەرتاسەرییەی هۆلەندا یەکپارچەیی وهاوئاهەنگی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حککا-حکمەتیست بوو لەپشتیوانی جددی وسیاسیان بەشیعار وسیاسەت وئالای کۆمۆنیزمی ڕابەری جیهانی چینی کرێکار وبەشەرییەتی ئازادیخواز کارل مارکس وڕابەری کۆمۆنیزمی کرێکاری مەنسور حکمەت،کەبەئیبتکاری هاوڕێیانی ئێمە ئالای چارەسەری ڕیشەیی ئەزمە ونایەکسانی وزولموزۆری چینایەتی وچەوسانەوەیان لەقازانجی کرێکاران وئەکسەرییەتی عەزیمی خەلکی کۆمەلگای مرۆڤایەتی،یانی مارکسیزمیان خستەوە یادی کرێکاران وڕابەرانیانەوە.بێگومان کاردانەوەی فوری دەولەت لەبەرامبەر ئەم حەرەکە سەرتاسەرییەدا هەرچییەك بێت،ناتوانێت لەنەخشەی سیاسەتی لێرە بەدواوەیدا ئەم هێزەعەزیمە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕەنگنەداتەوە.ئەمەش بەمانای سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستی،وپاشەکشە پێکردنێکی بەرچاویش ئەبێت بۆ دەولەتی هۆلەندا.ئاقاری ئەم کێشمەکێشە بەتەئکید بەندە بەڕووهێنان ونەهێنانی بزووتنەوەی کرێکاری وئازادیخوازی بۆ لای کۆمۆنیزمی کرێکاری وبەدەستەوەگرتنی پەرچەمی مانیفێستی کۆمۆنیستەوە.

**بژی کۆمۆنیزمی کرێکاری**

**بژی یەکێتی کرێکاران وخەلکی هۆلەندا**

**مـــــــــــــحمد غفـــــــور**

**لێپرسراوی حککع ـ کۆمیتەی هۆلەندا**

3ئۆکتۆبەر2004

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com